## پێشبڕکێی کوردستان نێت بۆ کورتەچیرۆک لە 7-11 تاکو 11-11-2005

### گەڵای وەریوو ... شەیدا بلباس



لەیەکێک لەدوا ڕۆژەکانی پاییز، ئێوارەبوو.. هێشتا تیشکی زێرینی نەشکابوو؛ لەتاو نەکەوتبوو، زۆر بەکزی بزەی زەردی دەکەوتەسەرخاکەلێووگۆنای زەوی دەلێسیەوە. باوو بژەتووژەکەی پاییزیش، وەک گورگەهارێکی برسی، دەیلوراند و گوێزان ئاسا لەخرکەی بڕینی دابوو.. گەڵای زەردی هەڵوەریوو لەسەر ڕێچکەی لێوار شەقامەکاندا؛ بۆ دوا ساتی تەمەنی ژیان، ماڵئاوایی و کۆچی ناکامیان لەیەکتر دەکرد و زۆر بەگەرمی لێوەکانیان لەماچی گەرمی خۆشەویستی دادەترازاند.
خەلکان لەکاتی گەڕانەوەی ماڵەوەیان، کەهێشتا هیلاکی و ماندوویی کاری ڕۆژانەیان ماسوولکەکانیانی لەجەستەی گرژیدا بەرنەدابوون.. لەگەڵ دابەزینیان لەهەر باسێکدا ملی ڕێگەی ماڵەوەیان دەنا، کەچەند هەنگاوێک لەوێستگاکەوەدوور بوو. ڕێچکەی بەر پێیان تەنرابوو بەگەڵای هەڵوەریووی پاییز و بەشێوازێکی سوریالیزمی چقەچقی بوو لەبەرپێیاندا.
تازەسەرخۆشییەکەی دوێنی شەو بەرتیدابوو، کەتاکو بەیانی بەدەم خەیاڵێکی دوور و درێژ بەتەنیایی لەرووموٚمێکەوە؛ لەدەریای بیرەوەریەشیرینەکان مەلەت دەکرد. لەپەستیدا لەڕوو خۆتدا ووتت:"ئەی خوا خۆ عەوداڵی دەوڵەمەندی نیم، تانزات بۆ بکەم! نەشەیدای شۆخێکم کەڕەنجی حەوت ساڵ شوانەیی بەخەسار بم.. ئاخر خواکەم بۆ کورد بەشی هەر مەینەتی بێت!؟.." هەر لەبەر خۆت دەکروزایەوەو نەتدەزانی سکاڵای دڵ لای کێ بکەی! دەستێکت لەگیرفانت ناو نامەکەی شوانەی هاوڕێت دەرکرد، کەتازەلەتورکیاوەبۆی ناردبووی.
سڵاوێکی کوردانە
هاوڕێ وابزانم تەواو بێ ئومێد کراوین لەبارەی سەفەرمان و لەسەرێکی تریشەوەبێزارێکی تەواویش لەدوا نامەکەت سەرنجم ڕادەکێشێ.. ئەی پێم نالێیت، چی بکەین و ڕوو بکەینەکوێ؟! ئەگەر ڕۆژئاوا بەم شێوەبێت و دەزانی ئێرەش چۆنەو کوردستانیش گەندەڵی خەریکەبۆگەنی دەکا.. باشە؛ ئەی چارە؟!. درێژەت بەخوێندنەوەکەی نەداو یەکسەر دەستت کرد بەوەڵام دانەوەی.
هۆ هاوڕێ گیان؛ دوای ڕێز و سڵاوی کوردایەتی..
ژیان لێرەسەڕابێکەو ئێمەش دوای کڵاوی بابردوو کەوتوین. لێرەژیان ساردوسڕە؛ سڕەتا سەرناخ.. نەمیوەچێژی خۆی دەداو نەخێزان خۆشەویستی و نەئاوی ڕوباریش شیاوی خواردنەوە! هەموو شتێک بەڕووکەشە.. ئیتر بەرزی باڵەخانەو ڕێگاوبان و چاوشین و قژ زەرد و ئاشتی ئەم وولاتەبەئێمەچی؟! هەر لەئامانجی ئێرەدا، بەرچاوەتێکۆشانی بێووچانی بۆ خەڵکی خۆی دەگرێتەوە. من چیتر بەرگەی دووری ناگرم و ناتوانم خۆم هەڵخەڵەتێنم؛ ناشمەوێت بەنەخۆشی گوونەڕەشە؛ لەتاراوگەسەربنێمەوە.

ئاخێكی هەڵكێشاو جگەرەێكی دەرهێناو دایگیرساند؛ بەدەم بەباكردنی دووكەڵەوەخەیاڵی بۆ ڕۆژانێكی سەر شاخی گمۆ وەک بەكرەی فیلْمی یادداوەری هاتەبەر چاو. لەگەڵ ئاووڕای كرد ن، خۆزگەت خواست ئێستا لات بووایەو لەباوەشی یەكتردا تێر تێر بگریابوانایە، تاسفت و سۆی دڵتان دادەمركایەوە.

-" لەبیرتەئەو ڕۆژانەی پێشمەرگەبووین، لەلوولەی تفەنگەوەلەدونیای ئەوبەرمان دەڕونی و شامان بەسەپان نەدەزانی!"

-" بیرتە ئەو شەوەساردوسۆڵەی چلەی زستان، ڕێگەمان دەبڕی و باكمان نەبوو، هەرواماندەزانی كوردستان لەئێمەزیاتر كەسی نییە."

هاوڕێ گیان پێنج ساڵ؛ دۆڵ بەدۆڵ لەدەشت و شاخمان دەبڕی.. فەرموودەكانی پەشێومان بەسرووود دەخوێندەوە. ئای بۆ ئەو ساتانەی نەبەردیدا هەڵمەتمان دەبرد بۆ سەر بنكەی داگیركەران. ئای بۆ ئەو ڕۆژەی لەچالاكییێكدا چەند دیلێكمان گرت و لولەی ئار پی جیم لێكردن ئێوەش بەپەلەتاوتاندام چەكتانكردم، چونكەدەمزانی ئاكامەكەی بەكوێدەگا؛ هەربۆیەووتم من دیلكم بەرناكەوێت! ئەوەی خۆم دەكوژم. هەر چەندەچەكیشتانكردم بەدەم ڕێگابڕینەوەتوڕمدا دیلێک و لەسەر چیا غلۆڵمكردەناودۆڵەكەوە.. وابزانم هەتا قوڵایی دۆڵەكەش هەر ووتبێتی[ شیمالی عیراق] .. هاوڕێ؛ جا بزانەدوای ئەو هەموو قوربانیە، كیمیاوی و ئەنفال و كۆڕەو.. چیتر بەرگەی بەرگری بەتفەنگێكەوەمەحاڵ بوو! دوو بەرەكی و براكوژیش لەولاوە..! ئێمەڕامانكرد؛ بەڵێ ڕامانكرد تا چیتر خوێنمان نەبێتەدەستەدۆلارو لرفەی لێوەبێت و خۆمان دەربازكرد. بەڵام سوێنددەخۆم دەگەڕێمەوەو كەگەڕامەوەش سوێند دەخۆم تاكو ماوم نەهێڵم خوێنی شەهیدان بەهەدەر بڕواو ئۆپۆرتیستەكانی بەسواری مۆنیكاوەبەبێ خەیاڵ بەپانایی شەقامەكان پیاسەبكەن. نەخێرێكی توڕەبەدەستەڵاتێک دەڵێم، كەهێشتا خاكی بەر پێیان بۆنی كیمیاوی لێوەدێت."

SHEYDA BILBAS
224RIDEAU ST
ONT ،OTTAWA
CANADA
com .hotmail@sheydabilbas